کۆبانێ: وێرانکردنی ژێرخانێی ڕۆژئاوای کوردستان لەلایەن تورکیاوە تاوانی جەنگە

مەزڵوم کۆبانێ، فەرماندەی گشتیی هێزەکانی سوریای دیموکرات - هەسدە لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی بەردووماناکانی فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیا بە ڕۆژئاوای کوردستان و باکوور و ڕۆژهەڵاتی سوریا ڕایگەیاند، ”لە ماوەی 72 کاتژمێری ڕابردوودا تورکیا ناوچە پارێزراوەکانی ئەمەی بە زیاتر لە 145 شوێن و ناوچە بەردومان کرد، لەوانە وێستگەی کارەبا و وزە، ئاو و نەخۆشخانە و قوتابخانەکان“.

جێنێراڵ کۆبانێ ڕاشیگەیاند، "هەرشەکەی ئەم دواییەی تورکیا ڕاستەوخۆ هەوڵ و تواناکانی بەڕێوەبەرایەتی خۆسەری کردە ئامانج بە مەبەستی سیاسەتی دوژمنکارانە بە لەناوبردنی توانای ژیانی مەدەنی و بە ئامانجکردنی هەوڵە نەودەوڵەتییەکان و کاری ئەو ڕێکخراو و دامەزراوانەی کەمەگەی مەدەنی کە کاریان دەکرد بە دامەزراندنی سەقامگیری و خزمەتکردنی دانیشتوانی ناوچەکە دوای شکستی داعش".

فەرماندەی گشتیی هێزەکانی هەسدە لە کۆتایی پەیامەکەی وتی: ”وێرانکردنی ژێرخانەکان بە تاوانی جەنگ دادەنرێت و ناتوانرێت وەک شتێکی کەمتر وەسف بکرێت“.